## دینۆ بوتزاتی

# سەحرای تەتەران



**ڕۆمان**

**پێشەکی و وەرگێڕانی لە فرانسییەوە**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

# سەحرای تەتەران

## لە ناساندنێکی کورتدا

**ئیدریس عەلی**

لە درێژە کتێبە چاپکراوەکانی (ڕەخنەی چاودێر)دا و لە ماوی پێشوودا، ڕۆمانی (سەحرای تەتەران)ی نووسەری ئیتاڵی (دینۆ بوتزاتی) چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆمانە لەلایەن (د. موحسین ئەحمەد عومەر)ەوە لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین، دکتۆر موحسین لە رووی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کاری ئەدەبی و گواستنەوەی تێکستی ئەدەبی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، ڕێزی لە خوێنەر گرتووە، بەوەی جگە لەوەی یەکێک لە ڕۆمانە جوانەکانی دنیای

هەڵبژاردووە بۆ خوێنەر و کتێبخانەی کوردی، هاوکات لە رووی زمانە کوردییەکەشەوە خۆی ماندوو کردووە کە بەبێ ئەوەی خوێنەری کورد تووشی مەلەل و هەناسە سواری بکات، بە جوانی رستە و خەیاڵ و فەنتازیا و کەشی ئیستاتیکای ناو رۆمانەکە و کۆی رووداوەکانی بۆ گواستوینەتەوە. دیارە وەرگێڕ بۆ خۆی کەسێکە ئاگاییەکی باشی هەیە لەسەر رەوتی ئەدەبی جیهانی بەتایبەت بەهۆی زمانی فەڕەنسییەوە، کە تێیدا شارەزایە، دکتۆر موحسن پێشتر لەگەڵ ئەم رۆمانەدا ژیاوە و بە عیشقەوە دەستی داوەتە وەرگێڕانی و ئەو سیحر و چێژە زۆرەی پێ بەخشیوین کە خودی رۆمانەکە هەڵیگرتووە.

پاڵەوانی رۆمانەکە (جیۆفانی درۆگۆ) لەو جۆرە کەسایەتییانەی ناو رۆمانەکانە، کە هەمیشە لەگەڵماندا دەژی و لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە، بەردەوام وردەکاری و رووداوەکانی ژیانی دەهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، کە لە میانەی رۆمانەکەوە پێیان ئاشنابووین، ئەگەرچی ئەستەمە بتوانرێت کارێکی ئەدەبی و شاکارێکی جیهانیی وەک ئەم رۆمانە کورت بکرێتەوە و بە خوێنەری بناسێنرێت، بەڵام چ حەز و ئارەزووی زۆری خۆم بۆ ئەو تێکستانەی سەرسامی و چێژم لەلا جێدەهێڵن، چ لەو رەهەندەشەوە کە خوێنەر هانبدرێت بۆ ئەوەی لە جوانی و سیحری تێکستەکە بێبەش نەبێت، هەروا خاکییانە ئەم چەند وشەیەی لەسەر بنووسم.

رۆمانەکە بە دەرچوونی جیۆفانی درۆگۆ لە کۆلیژی سەربازی دەست پێدەکات، سەرلەبەیانیی رۆژێک شارەکەی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە قەڵای باستیانی کە دەکەوێتە سەر سنوور، ئەو دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەو رۆژە بوو، کە تیایدا لە دوای چەند ساڵێک لە خوێندنی ئەکادیمیی وشک و دژوار، ژیانی پراکتیکیی سەربازی دەست پێبکات. رێگەی چوونەکەی بۆ قەڵا زۆر دوور و درێژ دەبێت، لە دۆڵێکدا تووشی پیاوێک دەبێت، پرسیاری قەڵاکەی لێ دەکات، جوتیارەکەش وەڵامی دەداتەوە کە هیچ قەڵایەک لەو ناوە نییە، جیۆفانی بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بەردەوام دەبێت لەسەر رێگەکەی تا تووشی کاپتن (ئۆیرتز) دەبێت و ئیدی لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ قەڵاکە، وەک لە رۆمانەکەدا هاتووە قەڵاکە دەکەوێتە سەر سنوور، لە ناوەڕاستی کۆمەڵێک چیادایە و شوێنێکی زۆر چۆڵەوانییە، درۆگۆ لە سەرەتادا دەکەوێتە دڵدانەوەی خۆی بەوەی گوایە زۆر لەو شوێنە نامێنێتەوە، کاپتنەکەش پێی دەڵێت کە دەتوانێت دوای چوار مانگ دەست بکات بە هەوڵی گواستنەوە لە قەڵاکە بۆ شوێنێکی تر.

دوای دوو ساڵ مانەوەی لەو قەڵایەدا، شەوێک کە سەرکردایەتیی پاسەوانی بەشی پێشەوەی قەڵاکە دەکات و هەست دەکات شتێک لەتاریکاییەکەدا دەجووڵێتەوە، حاڵەتێکی کاردانەوەیی لەلا دروست دەبێت، چونکە دواجار نیشانەکانی دەرکەوتنی (تەتەریەکان) وەک دووژمن دەستپێدەکات، بەڵام لەوێوە چ دووژمنێک دەرناکەوێت، بەڵکو دەبینرێت ئەسپێکە، ئەسپەکەش بەتەنها شتێکی ئەوتۆی نەدەگەیاند، بەڵام ئەو شتانەی لە پشتی ئەو ئەسپەوە بوون وەک رێخۆشکەر دەبینران بۆ شتی دیکە و ئاماژە و دەلالاتی دیکەیان لەخۆگرتبوو، دوای دەرکەوتنی ئەسپەکە چەند رووناکییەک لە قووڵایی بیابانەکە دەردەکەون، کە لە روانگەی سەربازەکانی ناو قەڵاوە ئەوانە سەرەتای سوپاکانی تەتارن و خەریکن رێگەیەک لە ناوجەرگەی بیاباندا دروست

دینۆ بوتزاتی
سەحرای تەتەران



ڕۆمان

پێشەکی و وەرگێڕانی لە فرانسییەوە
د. موحسین ئەحمەد عومەر

دەکەن، هەر ئەوەی دەمێک ساڵە چاوەڕوانی دەکەن واتە هاتنی دوژمن، حاڵەتێکی هەڵچوون لەناو پیاوانی قەڵاکە و سەربازەکاندا دروست دەبێت، لە راستیدا چاودێریکردنی سەحراکە بەردەوام دەبێتە بەشێک لە کاری سەربازو ئەفسەرەکانی ناو قەڵا، کات تێدەپەڕێت، رۆژێک لە رۆژان و دوای چەند ساڵێک جیۆفانی مۆڵەتێک وەردەگرێت و دەچێتەوە بۆ شار، کاتێک دەگاتە ماڵەوە دەبینێت دەرگاکە کراوەتەوە، ئەو بۆنە کۆنانە هەڵدەمژێت، کە ئاشنایە پێیان وەک چۆن لە منداڵیدا بەرلوتیدا دەهاتن، هەست بە ئاسوودەیی دەکات لە ماڵەوە، کاتێک دایکی دەیبینێت هاواردەکات و سوپاسی خوا دەکات.. «هێشتا وەک خۆت ماویت».. دوای مانەوەی لە ماڵەوە بۆ ماوەیەکی کەم هەستدەکات بەختەوەرییەکە نامێنێت و دەگۆڕێت بە ترسێکی گەورە لە دەروونیدا، ماڵەکە بە چۆڵی دێتە بەرچاوی و هەست بە تەنیایی گۆڕانێکی کتوپڕ دەکات لە خۆیدا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمانێکی زووتر کە لەوێ ژیاوە، یەکێک لە براکانی گەشتیکردووە بۆ دەرەوەی وڵات، یەکێکی تریشیان لە گەشتێکدایە کەس نازانێت بۆ کوێ.. سێیەمیشیان لە لادێیە، ئیدی تەنها دایکی لە ماڵەوەیە، تەنانەت ئەویش دوای ماوەیەکی کەم دەبێت بچێتە دەرەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی کڵێسا. ژوورەکەی وەک خۆی ماوە، هیچ کتێبێکی لە شوێنی خۆی نەجوڵێنراوە، بەڵام هەستدەکات وەک ئەوەی کتێبەکانی موڵکی کەسێکی دیکە بن و خۆی بە نامۆ دەزانێت بەرامبەریان، لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت، گوێ بۆ ژاوەژاوی ئۆتۆمبیلەکان رادەگرێت و هەستدەکات هیچ کەسێک پێویستی پێی نییە. دایکی سوورە لەسەر ئەوەی کە بچێتە لای ژەنەراڵ تا بیگوازێتەوە بۆ جێگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی لەیاد نەچێتەوە، لای ژەنەراڵ کۆمەڵێک هەواڵی کتوپڕ دەبیستێت، کە ئاگاداریان نەبووە، بڕیاردراوە ئەو هێزەی لە قەڵاکەیە کەم بکرێتەوە، بۆیە بە فیعلی ژمارەیەک لە هاوڕێکانی قەڵاکەی گوازراوەتەوە بۆ جێگەی دیکە، بەڵام مەرجی گواستنەوەکە ئەوەیە هەر یەکێکیان داوایەکی گواستنەوەی پێشکەش کردبێت، جیۆفانی دەڵێت کە ئەو وای زانیوە بەسەربردنی چوار ساڵ لەو جێگەیە بەسە بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە، ژەنەراڵەکە بە بێزارییەوە دەڵێت ئەوە لە حاڵەتە ئاساییەکاندا قسەیەکی راستە، بەڵام لەگەڵ کەمکردنەوەی هێزی ناو قەڵاکە بوونی داواکارییەکی نووسراو دەبێتە مەرج.

کەواتە ئەو دەرفەتەش لەدەست دەچێت و ناچار جیۆڤانی دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاکە، دەبینێت ئەو برادەرانەی فەرمانی گواستنەوەیان دەرچووە خۆیان بۆ رۆشتن ئامادەدەکەن، بەڵام ئەو دەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ژیانی قەڵاکەدا، کات تێدەپەڕێت، چرکە بێدەنگەکان زۆر خێرا بەسەر ژیاندا زاڵدەبن، راوەستان نییە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش، ئاوڕدانەوە نییە بۆ دواوە، هاوکات تەتارەکانیش لە خەیاڵ و چاوی سەربازەکاندا تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە، تەنانەت لە چاوی ئەوانەوە کەرەستەو ئەسپەکانیان بە جوانی دەبینران، هەروەک گەیشتنیان بەو خاڵەی کە لێوەی دەستدەکەن بە خۆئامادەکردن بۆ هێرش کاتی دەویست. ئەوە سی ساڵی تەواوی خایاند، کاتێکیش گەیشتە ئەو چرکەیەی کە جیۆفانی سی ساڵی تەواو چاوەڕوانی کردووە، نەخۆش دەکەوێت، بە زۆرو بە نابەدڵی هەڵیدەگرن بۆ ژوورەکەی خۆی لە شوێنێکی قووڵی قەڵاکەدا، دواجار لەسەر

قەنەفەیەکی گەورە دادەنیشێت و چاو دەبڕێتە شەو، بیر لە دیمەنی شار دەکاتەوە لەکاتی خۆرهەڵاتندا.. ریزی درێژی لاو و گەورەکچان کە لە رۆخی رووبارەکەدا پیاسە دەکەن، دەنگی پیانۆ لە پەنجەرەکانەوە بەرزدەبێتەوە، فیکەی شەمەندەفەر کە لە دوورەوە دێت، درۆگۆ هەروا لەناو خەیاڵاتدا و ئاگری ئۆردوگاکانی دوژمن دەهێنێتە بەرچاوی خۆی لە پێدەشتەکاندا. لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەتارەکان لە قەڵاکە مەرگیش لە جیۆفانی نزیک دەبێتەوە، هەستدەکات تێپەڕینی کات راوەستاوە وەک مەتەڵێکی تێکشکاو، لەو ماوەیەی دواییدا گێژاوەکە توندتر دەبێت و لەناکاو بوو بە هیچ. لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە دەکات، سەیرکردنێکی زۆر کورتی دواهەمین ئەستێرەی، ئیدی لە قووڵایی تاریکی رۆدەچێت و زەردەخەنەیەک لە روخساریدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوێنەر دواجار تێدەگات کە لەو سەحرایەوە چ دووژمنێک نایەن و بوونیان نییە.

لە راستیدا رۆمانی (سەحرای تەتەران) بۆ خۆی رۆمانێکی فرە رەهەند و فرە تێمایە، بە رووکەش خوێنەر وای دەبینێ کە تاکە تێمای رۆمانەکە بریتییە لە نیشاندانی فەزا و کەشی سەربازی، بەو پێیەی لە سەرەتاوە پاڵەوانی رۆمانەکە (درۆگۆ) دەبینین لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ رۆیشتنە قەڵای (باستیانی) بۆ ئەوەی وەک سەربازێک کە تازە لە کۆلێژ دەرچووە، دەستبەکار بێت و ئیدی لەو رێگەیەوە کەشی ناو دنیای سەربازی و شەڕمان بۆ ئاشکرا بکات، راستە ئەمە هێڵی سەرەکی و فۆرم و دنیای دەرەوەی رۆمانەکەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا کۆمەڵێک هێڵی دیکە هەن، کە خوێنەری وریا لەسەریان دەوەستێت و لە خوێندنەوەدا درکیان پێ دەکات، یەکێک لەوانە بریتییە لەو قەلەقییەی کە بە رووخسار و لە دڵی دانە دانەی کارەکتەرەکانەوە دیارە، وێناکردنی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵێک مرۆڤی دوور لە شار و ئاوەدانی، کە بۆ خۆشیان دەزانن ئیدی کۆمەڵگە ئەوانی وەک مرۆڤ لە بیرچووەتەوە، واتە ئەوان لەو شوێنەدا سەربازن و بەرگری لە نیشتمان دەکەن، کە وەک شوێن لە بیری کەسدا نییە، تەنانەت خودی دەوڵەتیش هیچ بەها و گرنگییەکی بۆ قەڵای باستیانی نییە، ئەمە لەو کاتەوە دەردەکەوێت کە درۆگۆ بە سواری ئەسپەکەیەوە پاش ئەوەی لە شار و ماڵی خۆیانەوە دەکەوێتە رێ بەرەو چیاکان، بۆ دۆزینەوەی ئەو قەڵا سەربازییەی بۆی رەوانە کراوە، لە رێگەدا پرسیاری قەڵاکە لە پیاوێکی جوتیار دەکات کە شارەزای ئەو دەشت و شاخانەیە، بەڵام پیاوە جوتیارەکە بە دڵنیایەوە پێی دەڵێت کە شارەزای هەموو ناوچەکەیە، بەڵام بەو ناوەوە هیچ قەڵایەک شک نابات، واتە ئەو شوێنەی درۆگۆ بۆی دەڕوات و سەدان سەربازی دیکەی لێیە شوێنێکە کە لە بیری کەسدا نییە، یاخود قەڵایەکە تەنها لە وەهم و خەیاڵدانی ئەو کەسانەدایە کە تێیدا وەک سەرباز لێی نیشتەجێن.

درۆگۆ لە رێگەدا گەلێک خەیاڵ دەکات و وێنەی جۆرا و جۆر بۆ ئەو قەڵایە دروستدەکات، بەڵام سەرەنجام کە دەچێتە ناو قەڵاوە دەبینێ لە هیچ کام لەو وێنانە ناچێت کە ئەم لە خەیاڵی خۆیدا کێشابوونی.

سەحرای تەتەران رێک دەکەوێتە پشت قەڵای باستیانەوە، بە چواردەوری قەڵاکەدا کۆمەڵێک (دژی) سەربازی واتە نوقتەی پاسەوانی دانراون و شەو و رۆژ چاودێریی ئەو سەحرا کاکی بە



# کتێب

کاکییەی تەتەران دەکەن، کە بڕیارە لێوەی دوژمن هێرش بکاتە سەریان، بەگشتی چاوەڕوانی بۆ شەڕ و گەڕانەوە و سەرکەوتن بووتە پێکهاتەی ژیانی دانە بە دانەی ئەو سەربازانە، هەموان لە چاوەڕوانیی ڕوودانی شەڕێکی سەختدان، لە سەرەتادا هەموان خەونی گەڕانەوەیان هەیە بۆ شار و کۆمەڵگە، بەڵام ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت، لەوێ لەو کەشە سەربازییەدا هەموو شتەکان لە خزمەتی سیستەمدایە و ئەم سیستەمەش ئەدا و ئیقای ژیان دیاری دەکات، لەوەی درۆگۆ یەکەم شت کە لە دەستی دەچێت ئازادییە، مردنی ئەوە وەک تاک و ژیانەوە و درووستکرنەوەیەتی لەناو سیستمێکی تازەی بە کۆمەڵدا، تەسکبوونەوەی سنوورەکانی بیرکردنەوە بۆ تەنها یەک پنت، ئەویش چاودێریکردنی سەحرایە کە چاوەڕێدەکرێت لەشکری دووژمن لێیەوە بێن و هێرش بکەنە سەر قەڵا، ژیانکردن لە ناو فەزای سەربازی و ئەو قەڵایەدا جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی بێتام و بێمانا چ شتێکی دیکە نییە، بەڵام ئایا مرۆڤ بە سرووشتی خۆی لەو جۆرە گیاندارانە نییە، کە بە زوویی پابەندی شوێن دەبێت و بەناچاری رابردوو لەخۆیا دەکوژێت؟ ئایا درۆگۆش کە بوون بە ئەفسەری یەکێک بووە لە خەونەکانی خۆی و هەوڵی بۆداوە، نابێت وەک یەکێک لەو سەدانەی ناو قەڵا بەتوندی وابەستەبوونی خۆی بە شوێن و بە خودی بڕیارە سەربازییەکانەوە بسەلمێنێت و شەڕی مانەوە و بەردەوامی بکات؟ ئەو تەنها یەکەم شەو بە چۆرە چۆڕی ئەو ئاوەی لە دیواری ژوورەکەیەوە دەهات بێزار بوو، دواتر لەگەڵی ڕاهات و ئاسایی وەریگرت، کەواتە درۆگۆ کار دەکات بۆ ڕاهاتن و دەبێتە یەکێک لەو سەدانەی کە دەبێت دووبارە پێناسەی خۆیان بکەنەوە بۆ ڕاهاتن و مانای تازە بۆ ئەو ژیانە تازەیە ببەخشن، لەو قەڵایەدا حیکایەتی ئەو سەرباز و فەرماندانە دەبیستێ کە ماوەیەکی زۆرە نەگەڕاونەتەوە ناو شار، لەوێ جۆرێ ژیانکردن هەیە خۆیان دروستیان کردووە، درۆگۆش سەرباری هەوڵەکانی بۆ ڕاکردن و دەرباز بوون لەو قەڵایە و گەڕانەوەی بۆ شار و دۆزینەوەی فرت و فێڵ بۆ ئەوەی بیگوازنەوە بۆ یەکەیەکی تر و پاش گەڕانەوەشی بۆ شار، ئیدی هەست دەکات ناتوانێت لە شاردا بژی و لەوێ لەناو ئاوەدانی و کۆمەڵگەدا خۆی بە نامۆ دەزانێت، بۆیە سەرەنجام دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاکەوە بۆ ژیانکردنەوە لەناو سیستەمە سەربازیەکەدا.

ئەم ڕۆمانە لە شوێنێکەوە ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ڕەگەزی بەشەری بە پێی پێکهاتەی دەروونی و فکری خۆی و لەناو ئەو فەزا گشتییەی تێیدایە، هەمیشە پێویستی بە بوونی دووژمنێک هەیە تا لەوێوە پێناسەی بوونی خۆی بکاتەوە و هەست بە زیندوێتیی خۆی و قارەمانێتی بکات، مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرقاڵی خۆی نەبێت پێویستی بە یەکێکی دیکە هەیە، ئیدی ئەوەندە چاوی لەسەر دووژمن دەبێت کەمتر دەیپەرژێتە سەر خۆی، ئەوەتا لەشکرێک لە مرۆڤ لەو قەڵا دێرینەدا بەردەوام چاویان لە سەحرای تەتەرانە و چاوەڕێی هاتنی دووژمن دەکەن، چاوەڕوانی ئەو ساتە دەکەن کە شەڕ هەڵدەگیرسێ و پاڵەوانی شەڕ دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا خەونی بوون بە پاڵەوان و ناوبانگ دەرکردن، دیسان یەکێکە لە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، کە ئەم ڕۆماننووسە زۆر بە جوانی لە ماوەی گێڕانەوە و نیشاندانی ڕووداوەکان ئاشکرای کردووە.